# سەرۆك كۆمار پێشوازی لە ڕەوەندی عێراقی لە ئوردن دەكات



سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید لە شوێنی مانەوەی لە عەممانی پایتەختی ئوردن، پێشوازی كرد لە ژمارەیەك لە ڕۆڵەكانی ڕەوەندی عێراقی لە ئوردن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆكایەتی كۆمار ڕایگەیاند:-لە وتەیەكدا لە میانی دیدارەكەدا پێشكەشیكرد، سەرۆك كۆمار ئاماژەی بەوەدا، كە سەردانەكەی ئێستای بۆ شانشینی هاشمیی ئوردن لەپێناو پەرەپێدانی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو وڵاتی برادایە، هەروەها بۆ فراوانكردنی هاریكارییەكانی نێوان هەرسێ وڵات، عێراق، ئوردن و میسرە بە تایبەتی لە بوارەكانی وزەی نوێبووەوە، كە ئەمە پێویستی بە كاری چڕوپڕ هەیە لەو كۆبونەوەیەی ئومێد دەكرێت بەمزوانە ببەسترێت و وەزیران و تەكنیكارانی تایبەتمەند لە هەرسێ وڵات بەشداری تێدا دەكەن.

سەرۆك كۆمار جەختیكردەوە، عیراق بە پەرۆشە بۆ درێژەدان بە هاریكاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ براكانی لە پرسەكانی بەرژەوەندی هاوبەش و گەیشتن بە لێكتێگەیشتن، كە ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەكەدا بەرقەرار بكات.

سەبارەت بە پرسی فەڵەستین، سەرۆك كۆمار پشتیوانی حكومەتی عێراق و خەڵكەكەی بۆ گەلی فەڵەستین دووپاتكردەوە و جەختی لەسەر پێویستی ڕاگرتنی دەستدرێژییەكان بەسەر كەرتی غەززە كردەوە، كە كاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەكە هەبووە.

هەروەها ئاماژەی بە گرنگی یەكخستنی هەوڵە نێودەوڵەتییەكان كرد بۆ گەیشتن بەچارەسەرێكی هەمەلایەنە بۆ پرسی فەڵەستین، كە داواكارییەكانی گەلی فەڵەستین بەدیبهێنێت بە گەیشتن بە مافە تەواوەكانی بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی خۆیان لەسەر خاكی نیشتمانەكەیان.

سەرۆك كۆمار تیشكی خستەسەر ئەو سەقامگیرییە ئەمنی و سیاسی و ئابورییەی عێراق لەئێستادا بەخۆیەوەدەبینێت و كاریگەری ئەرێنی داناوە لەسەر پەیوەندییە دووقۆڵییەكانی لەگەڵ كۆی وڵاتانی جیهان، هەروەها پێداگری حكومەت لەسەر جێبەجێكردنی بەرنامە خزمەتگوزارییەكەی و درێژەدان بە پرۆسەی ئاوەدانكردنەوە لە هەموو پارێزگاكانی وڵاتدا ڕونكردەوە، داواشی لێكردن لەڕێگەی ئەزمون و تواناكانیانەوە بەشداری بكەن لە پڕۆژەكانی وەبەرهێنان و بونیادنانی عێراق و گەشەپێدانی.

سەرۆك كۆمار ڕایگەیاند، لە میانی گفتوگۆكاندا لەگەڵ خاوەنشكۆ شا عەبدوڵڵای دووەم، بارودۆخی ڕەوەندی عێراقی تاووتوێ كردوە. ئاماژەی بەوەشكرد، گرنگیدان بە بەرژەوەندییەكانیان و پێشكەشكردنی باشترین خزمەتگوزاری بە عێراقییەكانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، یەكێكە لە ئەركە گرنگەكان و تەنانەت لە ئەركە سەرەكییەكانی سەرۆكایەتی كۆمار و حكومەتی عێراقە.

لای خۆیانەوە ڕێكخراوەكانی ڕەوەندی عیراقی لە ئوردن سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ سەرۆك كۆمار دەربڕی بۆ ڕەخساندنی ئەم دیدارە، جەختیان لەوەشكردەوە، كە ئەم پەیوەندی و دیدارانە لەگەڵ ڕێكخراوەكانی ڕەوەندی عێراقی لە دەرەوەی وڵات و گرنگیپێدانیان، ئاسانكاری دەكات بۆیان لە لابردنی ئەو ئاستەنگ و ڕێگریانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ماوەی مانەوەیان لە دەرەوەی وڵات.

